عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

# ئاو میوانی

# شیعر

ناوی کتێب: میوانی ئاو

بابەت: شیعر

شاعیر: عەبدولموتەلیب عەبدوڵلاً

پیتچنین: شاعیر

تابلۆی بەرگ:

دیزاینی بەرگ:

ژمارەی سپاردن:

چاپی یەکەم:

تیراژ:

نرخ:

چاپخانە:

ژمارەی سپاردن ( )ی ساڵی 2010 پێدراوە

ناوەڕۆک:

- ئاوی مەزن تکایە کەس لەماڵ نییە..................7

- بەیادی ئاو پیرەکان هێشتا منداڵن.................18
- بەدگومانی لە پێشهاتی بارانێ کە نابارێ...........23
- مرۆڤ نە سەرەتایی هەیە نە کۆتایی..................27
- ئێوارەیەك وەك درێژکراوەی رۆحم پڕ چاوەڕوانی....33
- باران دەکەوێ  وەك ئەوەی چاویلکەکەی ونکردبێ..37
- دەشێ باران دڵدانەوەیەکی باش بێت...............43
- ژیان ئاو و ئاو دەڕوا................................50
- خەون بە پیربوونی ئاوەوە دەبینم.......................59
- خەونەکانی باران .................................69
- دەریا بە داڵغەی خۆ رووتکردنەوەی باران........... 74
- مەرگی ئاو شین دەچێتەوە..........................82
- گەلاّ تینووەکانی باران.................................90
- نیگارە رووتەکانی ئاو..............................95
- میوانی ئاو..........................................104
- کۆڵانەکانی پیری...............................108
- مانگ دەبارێ.....................................112
- لەبـــــــــــــــــەر
باران. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .118
- شاعیر لە چەند دێرێکدا , , , , , , , , , , , , , , , , , , , , , , , , , ,124
- بەرهەمە چاپکراوەکانی شاعیر................... 127

.ئەو کەسەی لەتەك دەمکردنەوەدا شتەکان دەدرکێنیٚ، مرۆڤ نییە، هەنارە

**"پەندێکی ژاپۆنی"**

## ئاوی مەزن تکایە کەس لە ماڵ نییە

تۆ لە خەیاڵی دڵۆپە ئاوێ
وەرە ژووری
دڵۆپە ئاوێ کە پڕە لە خەون
پڕە لە ترپەی تەنیایی
ئارام... ئارام
لەسەر ریتمی پیربوون دێ

له دەرگای نیشتمان دەدا
چەشنی شیعر

دڵۆپە ئاوێ کە پڕە لە وەهم
دوای منالبوونەوەی بە دوعای بەرزی
گریان
دوای بەندکردنی مەلەکانی یادەوەری
لەبەر دڵی کزی مێژوو
دوای کردنەوەی لاپەڕەکانی خۆشبەختی
بە ئومێدی فڕین
دوای ئومێدە کوژراوەکانی نیشتمان
لە بێهودەیی گفتوگۆ
دوای گیانکێشانی جوگرافیای
خزمایەتی
فەرهەنگی منالی و شیعر
لەبەر دڵی راستی دەریا
دوای داگیرسانی ئاوێنە
غەریبەکانی عیشق بوون
دێ وەك چۆلەکە لە پەنجەرەی ولات دەدا
لەژێر لێوانەوە دەلێ:
ئاو لێل مەکەن
ئاوی مەزن

دڵۆپە ئاوی کە پڕە لە وزەی شێتبوون
پڕە لە ئاژاوەو دوودڵی
ئێوارەیەك لەسەر تەرمی لاری پێکەنین دێ
تەنیا تەنیا
وەك سێبەری شیعرێکی مات

دڵۆپە ئاوێ کە پڕە لە نامەی خۆکوشتن
پڕە لە غەریزەی سەفەر
دێ وەك دەنگی باڵندەیەکی سەرگەردان
لەشوێنێکی نادیار و
دوور...
شوێنێ بە نیگەرانی لە دەرەوەی زەمەن
دەڕوا...
دەڕوا تا هێزی نیشتمان
شوێنێك پێش گفتوگۆ کردن
بە دڵ دەڵێ:
شەلاڵم لە رەچەلەکە رەش و سپییەکانی زمان
جمەم دێ لە پەشیمانی
بە چرپە بە جەستە دەڵێ
بەنێو رۆژنامەکاندا دێم
خەریکە لەخۆم دەبمەوە

دڵۆپە ئاوێکی شکاو

شکاو..

لە

تە

مە

ن . . .

نزیك لە رەگەکانی رۆح

دڵۆپە ئاوێ کە دەڵێی

سەرقاڵییە حونجە ناکرێ

دەڵێی تێنوێتییە قسە ناکا

بە چرپە دێ

چەشنی وێنە جێماوەکانی

دوای عیشق

بە جەستە دەڵێ پەلەکە

خەریکە دڵ لە دڵ بدەم

بە شیعر دەڵێ ئارام بە

خەریکە دڵ لە ئاو بگرم

تۆ لە رەشبینی دڵۆپە ئاوێ

وەرە ژوورەوە

بەر لە پیاسە ساردەکانی باخچەی ژیان

بەر لە گرەوی خۆکوشتن

بە گاڵتە لە دەفتەری یادگاری نووسی

نامۆ

دڵۆپە ئاوێ

کە لە دەفتەری خەونەکانی نووسراوە:

پڕبووم لە هێلکاری ساختەی

سنورەکانی خۆشبەختی

بەر لەوەی عیشق بمکوژێ.

دڵۆپە ئاوێ بە دڵ دەڵێ:

بەر لەوەی ترس لە کۆڵانەکانی نووسین

راوم بنێ

من لە ستایشی ئاوێنە

ژیانم بە هەتاو ناسان

دڵۆپە ئاوێ

لە دەفتەری پەناهەندەیی نووسراوە

پڕم لە جەنگی شکاوی سەربردەی (با)

سەربردەکانی یاخیبوون

پڕم لەخۆم

پڕتر لە کڵپەی تەنیایی

بەر لەوەی نیشتمان لە کۆڵانەکانی ژیان

راوم بنێ

کچانی ئاو شکۆفە بکەن

تۆ لە یادەوەری دڵۆپە ئاوێ
وەرە ژوورەوە
دڵۆپە ئاوێ کە پڕە لە سادەیی ئەوین
لە کووچەکانی وەڕسبوون
لە شەقامە ماتەکانی هیچ نەگووتن
لە گۆرانییە داگیرساوەکانی مەحاڵ
باران .. باران
بەو نەختە هەناسە گەرمەی
لە مردن بۆی بەجێماوە
بەو روخسارە راونراوەی
لە ئەفسانەکان کەوتووە
بەو هەموو غەمە وردەوە
کە لە هەنیەی گەرما دەتکێ
دێ لە پەنجەرەی دڵ دەدا
وەك پەپوولە
دەگەڕێتەوە چەشنی (با)

دڵۆپە ئاوێ تۆ سەیر کە
وەکو ئەوەی پڕکرابێ
لە لاپەڕە بێ ژمارەکانی بەدبەختی
پڕکرا بێ لەوەی بەیەکجاری
لەگەڵ مەرگ بڕوا
بێهودەیی لەگەڵ نیشتمان

دابەشکا
لە دڵی پەنجەرە دەدا
چەشنی باران
هەڵدەوەرێ وەکو گەڵا .

دڵۆپە ئاوێ
کە دەبوو بەدیار شەو دانیشێ
کەناڵی نائومێدی بکاتەوە
لەسوێی سەفەر

دڵۆپە ئاوێ
کە دەبوو لە نزیك رۆژ لەسەرەخۆ
سەما بکا و
رستە هەتیووەکانی خۆی
لە بۆشایی دابهێنێ
وەکو ئەوەی بڵێ چۆنن

دڵۆپە ئاوێ
کە دەبوو لە گۆشەیەك بنووسێ
دڵم تەنگە
وەکو ئەوەی بڵێ تینووم

دڵۆپە ئاوێ ماندوو.. ماندوو

چەشنی تەمەن
لە دەرگای نیشتمان دەدا
وەکو ئەوەی بڵێ دەمرم
ئێوەش دەڵێن:
تکایە کەس لە ماڵ نییە؟

تۆ لە پیاسەی دڵۆپە ئاوێکی سەرکەش
وەرە ژووری
پەلە بکە
بەر لەوەی یەکتر ببینن
تۆ سەیر کە
باران رۆشنایی پیاوێکی قەدەغەیە
لە نیشتمان
تۆ سەیر کە
باران هەناسەی پیاوێکی راونراوە
لە نیشتمان
ئاسمان دەڵێی بیابانە
نیشتمان پیاوێکی نامۆ

تۆ لە سکێچی خەمباری دڵۆپە ئاوێ
رامێنە
بەر لەوەی بە دەریا بگەیت
هەر لە تەنیشت بارانەوە پرسیار بکە

ماڵەکەم لە دوودڵی شەو هەڵچنییووە
بێ تاقەتترین ئەستێرە لەبری
ئەدرێس بدۆزەوە
بێ تاقەتترین ئەستێرە لەبری چرا
دەفتەری سووتانەکانی
وەك یادگاری جێهێشتووە

بە شەقامی دڕدۆنگیدا وەرە خوارێ
لە دوای پێکی دڵدانەوە
بەر لەوەی خەیاڵی هەڵم
دەستت بگرێ بەرەو مەنفا
وێنە رووتەکانی وڵات
لە پێشانگای خۆکوشتندا کۆکەرەوە
بەر لەوەی ببێ بە باران
بەر لەوەی نیگات تەڕ ببێ
روخساری لەت لەت کراوم لە گومڕایی
چەشنی شیعر
دابهێنە؟

کانوونی یەکەم 2001هەولێر

## بەیادی ئاو
## پیرەکان هێشتا منالّن

(1)

ڕەنگە ئاو پێش ئێمە بیر لە تەمەن بکاتەوە
ئەوە عەقڵی کەسێکە کە دەڵێ
با ئاگر بگۆڕینەوە بە ئاو
ترس هەمیشە درێژ دەبێتەوە
بۆیە ناتوانین لە سیحری ئاو پەشیمان بینەوە

(2)

باران دەبارێ
من لەبەرانبەر بەهەشت یان دۆزەخ
دڵم دەبێ بە ئاو

عەشق دەبارێ

بەڵام دڵم پرسیار ناکات

هەمیشە تەنیاتر دەبێ

(3)

نیشانەکانم لە باران پێچا

بۆ ئەوەی ئاو لە دەریا بەدگومان نەبێ

ئەوەندەی ئاو لە دەریایە

خۆمان لە باران شاردەوە

بەڵام ئەوە تەنیا هەر قسەی من بوو

قسەی منالێك

منالێك لە ناوەوەم بێ چەتر

لە رابردوو دەهاتەوە

بەر باران

(4)

ئەوە باران نییە درێژ دەبێتەوە

ریشی پیرێکە کە دەڵێ

حەقیقەت سپی بۆتەوە

چەشنی ئاشتی

(5)

ئاو هەمیشە پڕە لە عەشق

ئاو هەمیشە دەدرەوشێتەوە

لە پشتەوەی ئاو هەمیشە ترسێك

مەنفاکانی ناوەوەمان رایی دەکا

تا لەو دیو ترپەی گومانەوە
نزیك بینەوە لە گومان
(6)
باران گۆڕاوە بە ماتەم
دەریا بە تەنیایی
منیش خۆمم ونکردووە
بەڵام ئاو ببوو بە ئایەت
من ناسکی ئەو بارانەم دەخوێندەوە
(7)
باران بێ ئەوەی لە ئێمە بپرسێ دەبارێ
پیری بۆ بەرجەستەکردنی خۆی لە ئاو دەپارێتەوە
باران بە ئەندازەی پیری
ئاسمان دەخاتەوە خەیاڵ
پیری بێ ئەوەی لە ئێمە بپرسێ
قسە دەکا
(8)
ئاو مایەی ئازارە
دەریا مایەی سەرگەردانی
بارانیش هەروایە
بەڵام لەوە بێ هودەتر
قسە لە دابەشبوون بکەین
باران لە بیرکردنەوە دەکەوێ
لە پیری راست دەبێتەوە

بەڵام لەوەش بێ هودەتر
قسە لە دابەشبوون بکەین

(9)

یەکەم باران بوو لە دوای ئاو
بە عەقڵی مرۆڤ بێتەوە
یەکەم دەریا بوو دوای باران
بزانێ ئاو
تەنیا مناڵێکە بەناز
قسە دەکا
قسە ناکا

(10)

جەستەی ئاو وەك گومان نایەت
باران هێشتا باران بوو
دەریا هێشتا زیندووو
ئێمەش جگە لە پیری
سیحری ئاو دووبارە دەکەینەوە

ئاداری 20001هەولێر

## بەدگومانی لە پێشهاتی بارانێ کە نابارێ

دەریا و دەریا
دەچمەوە خزمەتی سەفەر
کۆترەکان بە (با) دەسپێرم

دەریا و دەریا
رەش دەچێتەوە نیشتمان
رەش وەك ئەو شەوە سپیانەی
دەگەڕێمەوە گۆشەی ماڵ

دەریا و دەریا
پێشهاتەکانی بارانم دەنووسیەوە
مێگەل لەنێو تەمتومان خۆی وندەکرد
من لەبەرانبەر نیشتمان
بەدگومانی دەخوێنمەوە

دەریا و دەریا
شەو خەونەکان بە (با) دەدا
نیشتمان دەفتەری مانا

دەریا و دەریا
مێگەل وەك (با) چنگ بۆ هەڵچوون دەکاتەوە
شەو وەك باران هەڵدەوەرێ
نیشتمان وەکو بیابان

دەریا و دەریا
ئاو بۆنی لاشەی مێگەلی هەڵگرتووە
ماڵ بۆنی بارووت و زیندان

شەو و شەو
مێگەل دەبارێ
ئاو بەرەو مەنفا کۆچ دەکا
منیش ورد ورد بەرەو گومان

دەریا و دەریا
باران زەرد زەرد هەڵدەگەڕێ
بیابان دەنووسێتەوە
منیش نامەی سەرگەردانی بۆ کۆترەکان

دەریا و دەریا

لقێکی ئەو بارانە دەچێتەوە نێو بوون

لقێکی دەگەڕێتەوە بۆ سەر رەچەلەکی گەڵا

لقێکی دەخزێ و

لەو دیووی بەدگومانی دەریا دەبیا

گەڵا و گەڵا

خۆم لە باران بەتاڵ دەکەم

گەڵا و گەڵا

بە دەنووکی ئاو دەنووسم نائومێدی

گەڵا و گەڵا زەرد هەڵگەرام

(شەوەکان رەش دەکەمەوە)

گەڵا و گەڵا

چالاکانە دەچمەوە ماڵ

چالاکانە پێکێك لە دڵی خۆم هەڵدەدەم

ورد ورد تەنها بۆ یادگاری

لە نیشتمان

مەرگ بەرستەوە دەکەم

هۆڵەندا تەمموزی 2001

## مرۆڤ نە سەرەتایی هەیە نە کۆتایی

بیٚ ئەوەی مرۆڤ بزانیٚ
باران لە بلیمەترین سەدە ئەسپیٚك لەخەودا دەبینیٚ
ئەسپیٚك لەجەستەی دۆزەح دەچیٚ
لەرۆحی دۆزەخ زیندوو دەبیٚتەوە
لەدارستانی تەنیاییدا دەڵیٚ:
ژیان لە دڵۆپیٚ دەگاتەوە دەریا
دەگاتەوە مرواری
بە ئۆقیانووسی سەفەردا تیٚدەپەڕیٚ

بێ ئەوەی مرۆڤ بزانێ
شتەکان سروشتین و هیچیتر
سروشتین و هیچیتریش

بێ ئەوەی مرۆڤ بزانێ
ئەوەی باران دەیکا
نە ئەفسانەیە نە یاری زمان
نە دۆزەخە نە نهێنی ئاگردز
ئەوەی باران دەیکا
خەیاڵ بوو پەڵە پەڵە لە سەرما
بەدەوری خۆکوشتندا نیگای دەنەخشان
مرۆڤ لەو خەونەوە
لەنێوان خۆکوشتنێك و خۆکوشتنێك
نە سەرەتایی هەیە نە کۆتایی

بێ ئەوەی بیر لەخەون بکاتەوە
هەموو مرۆڤێك کە دەگاتەوە مرۆڤ
دەبێ بە ئاو
حەقیقەتێکی شپرزەیە ژیان
باران لەنێوان ئەو هەموو حەقیقەتە
بێ ئەوەی پرس بە ئاوێنە بکا
دڵەڕاوکێ بەیەخەوە دەکا
خەون لەپشت ئەو نەخشەوە

دەبێ بەدارستانی ئاو
بەڵام لەمەوپێش نە دەریا
نە بیابان
بارانی هەناسەیان خۆشی نەکردۆتەوە

بێ ئەوەی دەریا بزانێ
بیرکردنەوە لە مرۆڤ
کارێك بوو پڕاو پڕ لە مرواری سەفەر
لە باڵندەی سێبەرێکی دڵتەنگ
دەریا هەبێ یان نا
ڕۆح لە دڵۆپە ئاوێکی سەرگەردان
بەزەویدا دەڕوا
نە باخچە هەیە نە بیابان
هەموو ژیان لە نائاگایی
تێکەڵ فرمێسکی شەڕ دەبێ
خەونێك کە ڕووناکی ناگاتە ئەوێ
بەزەویدا دەڕوا
ڕووناکی لەماڵەکەی خۆی پڕ بەچاوەڕوانی دەڵێ:
هەتا باران بباری
ترس نە باڵندەیە نە کۆتایی

مرۆڤ لەساردایی وێڵ دەبێ
ئەسپێك لەخەودا دەبینێ

بەدەریادا دەڕوا

مرۆڤ هەبێ یان بیابان
شتەکان سروشتین و هیچیتر
سروشتین و هیچیتریش
شەهیدەکان مێژوو بۆ بلیمەترین سەدە بار دەکەن
نائاگایی لەو خۆکوشتنەدا دڵۆپێ حیکمەت
دەخاتە بەر هەستی تاریکی
تاریکی بەزەویدا دەڕوا
ئاو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی یەکێك هەبێ
بەزەویدا بڕوا

شەڕ نە سەرەتایی هەیە نە مرۆڤ
دەریا باخی گریانە
باران هەزاران ساڵە لەخۆکوشتن
جانتاکەی دەکاتەوە
خەونێك بە بیابان دەکێشێ
خەونێك بە نائومێدی درێژ دەبێتەوە بۆ ئەوەی بڵێ:
لەدەروازەی بلیمەترین سەدە
هەڵدەقرچێ ئاو

دەریا لەناوەوە بەتاڵ دەبێتەوە
مرۆڤ بۆ ئەوەی یەکێك هەبێ
بەزەویدا بڕوا

بەدەریادا بڕوا

بەئاسماندا بڕوا

دەچێتەوە جەنگ

تشرینی دووەم 2002

## ئێوارەیەك وەك درێژكراوەی رۆحم پڕ چاوەڕوانی

ئێوارەیەکی تەنیا
وڵاتێك پڕ نائومێدی
وەك ئەوەی بیابان لە گەڵادا بنوێ
ئاو بۆ پشوودان لم کۆ بکاتەوە
من چاوەڕوانی دەمکوژێ
چاوەڕوانی باڵندەیەك
کە ئیتر بیر لە نیشتنەوە ناکاتەوە
کە ئیتر بە ئەندازەی فڕین
لە نیگەرانی رادەمێنێ
بە ئەندازەی نیگەرانی
خەیاڵم شەپۆل شەپۆل
لە باران رادەکا
دڵۆپ دڵۆپ
لەبێدەنگی دادەبەزێ
بێدەنگی

وەك درێژکراوەی چاوەڕوانی
بە مردنم دەسپێری
منیش ئەستێرە ئەستێرە
بەنیگایەکەوە دەهاتمەوە
کە ساڵەهایە ئەفسوون رەنگ دەکات
بەنیگایەکەوە دەهاتمەوە
بە ئەندازەی نیشتمان خەواڵوو

ئێوارەیەکی ماندوو
نیشتمانێکی دیل
پڕ لە گێڕانەوەی بێدەنگی
بێدەنگی
وەك درێژکراوەی ئاسمان
دەمداتە دەست بیابان
لەوێ لە سەیرکردنی مانگ
خەیاڵم تووشی باخچەیەك دەبوو
باخچەیەك لە سەر بەرماڵی حەقیقەت
درەختە مەستەکانی بە دوای خۆیدا
کێش دەکرد
باخچەیەك وەك دوودڵی بنووسێتەوە دەڵێ:
دەنگی ئاو حیکمەتی تیایە
دەنگی ئاو
باران باران

هێل بەژێر پیتەکانی ژیاندا دەهێنێ
باران باران
لەژێر گەڵادا بێهوودەیی کۆ دەکاتەوە

ئێوارەیەك
وەك درێژکراوەی رۆحم
پڕ چاوەڕوانی
وەك نیشتمان
نائومێدی تا خەیاڵی مەرگی بەرێت
مەرگ
وەك باران تەڕی کا

ئێوارەیەك
وەك ئەوەی فێرت کا
بڕوا بە یادەوەری بهێنی
کتوپڕ دەکەوتمە سەر هەوای بیرکردنەوە
لەبەر دەم بیابان
ئەو وێنە خەوتووانەم بە نیگەرانیەوە هەڵدەواسی
کە باران
تا تاقیکردنەوەی مەرگ
بە سەریاندا نەدەفڕی
ئەو وێنانەی
کە ئاو تا سنووری پێکەنین

دەچووە گەروویانەوە

ئێوارەیەك كە رۆحم كزەی دێ
لە چاوەڕوانی

ئێوارەیەك كە نائومێدی بە پێكێ
بانگم دەكا

ئێوارەیەك كە نیشتمان
دادەبەزێتە نێو بازاڕ
لە شەڕی چاوەڕوانیدا
دیلم دەكا

تەمموزی 2002 هەولێر

## باران دەکەویٚ
## وەك ئەوەی چاویلکەکەی ونکردبیٚ

باران وەك پیریٚك چاویلکەکەی ونکردبیٚت
پەنجە دەکوتیٚ لە دنیا
نە ئاسمان دیارەو نە مرۆڤ
ئەوەی ئەمڕۆ لە باران جیٚما
دویٚنیٚ لە شەڕ پەشیمانی فەتح دەکرد
دووبارە ژیان کورتی هیٚنا
کورتی هیٚنا پەیامی بیٚهودەی باران
دووبارە مرۆڤ بۆ ئەوەی تەنیایی بروخیٚنیٚ
دەچیٚتەوە جەنگ
ئەوە نازی گەورەبوونی سروشت نییە
باران وەك پیریٚك چاویلکەکەی ونکردبیٚت
سانمە دەکات لە گەلاٚ
مرۆڤ لیٚرەوە ریٚدەکات
ژیان لیٚرەوە دیار نییە
دەریا لە بیٚزاری هەڵدەگەڕیٚ
شەپۆل دەدا جەنگ
ئیتر هەموو دنیا لە ئاڵۆزی دادەگیرسیٚ
نە باران دیارە
نە ژیان

نە ژیان دیارە
نە مرۆڤ

شەڕ هەموو شتەکان دەکاتەوە
باران دەکەوێ
وەك ئەوەی چاویلکەکەی ونکردبێت
مرۆڤ دەکەوێت
لە شەڕدا خەو دەیباتەوە
دنیا لە هاتنی باران گەڵا گەڵا هەڵدەنیشێ
مرۆڤ لەتاو فەرامۆشی
بەرەو جەنگ دەگەڕێتەوە

سڵاو.....
ئەی جەنگاوەر
بۆ ئەوەی یەکێك بناسم
بە چاویلکەی تەنیایی لاسایی نیشتمان دەکەمەوە
بۆ ئەوەی باڵندەیەك باڵی پێکەنین لێکبدات
لقە ئاوێك دەخەمە ژیانەوە
بەرلەوەی بە دڵتەنگی بنووسم: جەنگ
حەز دەکەم دنیا بە باران بسپێرم
بە مرۆڤ بڵێم
نیگاری شۆڕش بکێشە
لە کاتی تەریقبوونەوە

ئیتر تەواو هەموو لە باران وندەبین
نە ئاسمان دیارە نە مرۆڤ

سلاو.....
من شەڕ ناخوازم
بەڵام باران بە تووندی هەناسە دەدات
وەك ئەوەی چاویلکەکەی نوێکردبێتەوە
دەچێتەوە سەر یەکەمین هێلانەی جەنگ
یەکەم پیتی نائومێدی

شپرزەیە باران
لە دڵۆپێك سەرگەردانی دەکا مرۆڤ
تۆش لە شەڕدا سەیری بێزاری خۆت بکە
لەوێ کە باران چاویلکەکەی ونکردووە
ژیان بخەرە دەریا وە
لەوێ ئەوەی بیابان دەینووسێ
تۆ وەك باخچە راڤەی بکە
لێرە ئەوەی دنیا بە بارانی دەکات
تۆ لە بیابان شەپۆل شەپۆل بیخوێنەوە
نە ئاسمان دیارە
نە ژیان

مرۆڤ بەو هەموو خەونەوە
بە دڵنیایی دەجەنگێ

تەنیایی

باران بارن خەریکە بڵێ

مرۆڤ لەو هەموو جەنگەدا

نە کۆتایی هەیە

نە ئاو

ئەوەی شەڕ بە مرۆڤی دەکات

باران کاڵی دەکاتەوە

نە ژیان دیارە

نە مرۆڤ

هەموو رستەکان دەبنە پەپوولە

هەموو باڵندەکان دەچنەوە هێلانەی سەفەر

مرۆڤ بە تەنیا رێدەکات

باران بە تەنیا دەبارێت

شەڕ لەو دیوو دەریا پەیامێك بۆخۆی دەچنێت

نە لە سیحر دەکات

نە لە گومان

هەموو شتەکان دەچنەوە سەر ریتمی سەفەر

هەموو دنیا لە تەنیایی قووڵپ دەدات

مرۆڤ دێتەوە

سیحری باران بە تاڵ دەبێت

مرۆڤ دێتەوە

دەچێتەوە جەنگ

مرۆڤ لە جەنگ خەو دەبیاتەوە

لە بێزاری پیر دەبێت

لە تەنیایی وەك چاویلكەی باران دەشكێ

نە باران دیارە

نە ژیان

نە ژیان دیارە

نە مرۆڤ

ئاداری 2003 هەولێر

## دەشێ باران دڵدانەوەیەکی باش بێت

بۆ ئاو رستەیەکی تر لە ێدەگەڕێتەوە هەا
ئەگینا بڕوا ناکەم باران بباریێ
ئەگینا زۆر لەوە پیرتر
خۆم نیشان دەدا

زۆر لەوە پیرتر
دەشێ دڵدانەوەیەکی باش بێت
لە چاوەڕوانی ئاو
لە چاوەڕوانی رستەیەك کە لەبەر باڵێك
هەناسە دەدا
لەچاوەڕوانی گەڵایەك کە بەر لە مردن
دەنووسێ باران

ئاو و ئاو
لە ئەستێرەیەکەوە پیاسە دەکەین
تا دڵ حەز بکا تەنیا
تا چاو بڕبکا وێڵ
ئەستێرەیەك زۆر لەوە کزتر
بەرگەی دووبارەبوونەوە بگرێ
دووبارە عاشق بوون
باران ئەوەی نەگووت

وەك ئەوەی نەتوانیٚ شوێن مــرۆڤ بکەوێ

مرۆڤ ئەوەی نەگووت

وەك ئەوەی لە غەمی خۆی پەشیمان بوویێتەوە

بیابان رووت رووت

پەرییەك لە خەودا دەبینیٚ

باران باران

دەکەوێــتە دەریاوە

دەریا چەند دەبەنگ بێت

لە توانایدایە جیهان بە ئارەزووی خۆی

چەندە جارەی باران بکاتەوە

ئاو چەند نەرم بیٚ

لە توانایدایە مرۆڤ مرۆڤ رابماڵیٚ

مرۆڤ چەند زۆر بیٚ

لە توانایدایە ژیان ژیان

دابەشی نائومێدی بکا

باران باران

لە نائومێدی کۆ دەبینەوە

دەشیٚ باران دڵدانەوەیەکی باش بێت

بەڵام بیابان

لە ئەستێرەیەك دەهاتەوە

نزیك گومان

دەشیٚ بیابان دڵدانەوەیەکی باش بێت

بەڵام باران

رووت رووت

دەکەوێتە دەریاوە

پەرییەك لە خەودا دەبینێ

نەرم نەرم

زۆر لەوە دڵگیرتر

بەرگەی دووبارەبوونەوە بگرێ

زۆر لەوە دڵگیرتر

بەرگەی فەرامۆشی بگرێ

بۆ باران رستەیەکی تر لەوانەی سەفەر دەچنم

وەك ئەوەی کۆڵان کۆڵان

نەخشەی رۆژ هەڵبدەمەوە

کۆڵان کۆڵان

ئاو ناپاکی لەئاو بکا

ئێوارە چڵ چڵ بشکێ

ئیتر لەگەڵ ئاو نا

لە زیندانێکەوە قسە دەکەم

دەڵێی بە باران چنراوە

لە کتێبێکەوە کە سەفەر لەوپەڕی پەشۆکاوی

حیکایەت دەکا

لەوپەڕی دڵنا ئومێ

ژیان بە قەوزەوە
گاز لە تەمەن دەگرێ
ژیان لە غروری من
دەریا دەییا

دەریا و دەریا
پەرییەك لە خەودا دەبینم
وەك چرای باران دەپشکوێ
وەك چرای باران
بەر لەوەی بەیانی هەڵوەرێ
نازی شەو هەڵدەدا
وەك چرای باران
بەرلەوەی ئێوارە بکەوێ
کز کز بەتاریکی تەرم دەکا
بە خەیاڵ دەڵێ بە ئاوم گووت
نەفرەت لە ئازایی ژیان
نەفرەت لە سەفەر

ئاو بە رستەوە خۆی دەکوژێ
نەخشەی رۆژ زەرد هەڵدەگەڕێ
باران چڵ چڵ خۆی بە نائومێدییەوە
هەڵدەواسێ
تەمەن وەك مانگ لە تەنیایم بزر دەبێ

منیش لەوپەڕی پەڕگیری
لەگەڵ بیابان لم دەمبا

دوور دوور
زیندانێك بە تاریكی دەناسێنم
بەر لەوەی لە كەناری بێهودەیی رووت بمەوە
پەرییەك دەبینم
نەرم نەرم وەك نیگەرانی دەبارێ
كتێبی گوڵ پەڕ پەڕ دەكا

من دەڵێم باران نابارێ
نائومێدی دەڵێ رەنگە
من سێبەری حیكایەتە مەستەكانی
حەقیقەتم
كتێبی گریانی شەوان
نائومێدی
من ئاو ئاو لە نائومێدی دێمەوە
سەفەر دەڵێ
شیعر بەشی ئەوە دەكا بڵێم تەنیام
من دەڵێم
وەك ئەوەی كتوپڕ تەمەن لە دڵۆپە ئاوێ
پەشیمان بێتەوە
كتوپڕ لە نائومێدی دەشكێم

پیری و پیری
دەشێ باران دڵدانەوەیەکی باش بێ
دەشێ سەفەر دڵدانەوەیەکی باش بێ
دەشێ
دەشێ
من دەڵێم باران ناباریێ

تەمموزی 2003

## ژیان ئاوو ئاو دەڕوا

بڵێم ئاو یان باران
قسە لە باران دێ
ژیان وەك باغی ئاو دەڕوا
تەڤیشتمان دەکوژێ

خوڕەی بیابان نییە
باڵندە وەك گوڵ دەبارێ
خونچە وەك [illegible]
خورافاتی دەریا نییە
باران دەمرێ
[illegible] ئاو زیندووو دەبێ

خورافاتی باران نییە
ئەوە دنیایە بە ئارەزوو خۆی
دڵی ئاسمان
بە ناوی خوا
دووبارە تەنگ دەکاتەوە
دووبارە گیانلەبەر دەبێ
باران [illegible] ن دەکا

مرۆڤ دەبێ بە گومانەوە
بۆ نیشتمان هەنگاو بنێ

بڵێم ئاسمان یان ئاو
قسە لە باران ناکەوێ
ئەوە دنیایە لە پەنجەم ئالاوە
ئەوە بارانە لە جەستەم دەبارێ
هەتا فەنابوون

دەر یان ژوانێ

ئاو ئاوو

لەبەرانبەر کێشە گەورەکانی مرۆڤ
لەبەرانبەر کێشە ساردەکانی ئاسمان

بالۆقەی

دەنووک لە ئاسمان

گوڵ دەچنێ

چاو لە ئاسمان
دەچێتەوە پەنا ترس

بڵێم باران یان مرۆڤ
ئەوە دەریا نییە لە خەیاڵم

پەشیمان بۆتەوە

ئەوە پەنجەم نییە لە باران

نیە  دەمی  بەجێ

وێنەیەکە کتوپڕ

لە مرۆڤ دڵ

کتوپڕ دەگریم
کتوپڕ
تا کۆڵانە چاو زەردەکانی بیابان
باران دەشکێ
تا خەیاڵی کزی وڵات

قەڵای بارانماڵی منە

قسە لە باران دێ

ئاو و ئاو

ژیان دەڕوا

ئاوو ئاو

ساتمە لە تەنیایی دەکەم

کات: شپرزەیە

لە چاوەڕوانی خوا درێژ دەبمەوە

تا بەهەشت

شەریعەتی ژیان بە باران وەدەکەم

کات: ورد ورد دەمبا

من: شپرزەم

ئاسمان ئاسمان

لە نوری خوا دادەبەزم

ئاسمان ئاسمان

کۆتایی کێشەکان بە خەو دەکەمەوە

کۆتایی ژیان بە باران

بە شەو دەڵێم

چەند دڵۆپ شەونم راو دەکەی

تا ئەزەل چەند گوڵ دەچێنی

لە بیابان

ئاو و ئاو
تا کۆڵانە بێ قاچەکانی بیابان
قەڵای باران ماڵی منە

کەسێك بە ژیان دەڵێ
قسە لە باران ناکەوێ
مرۆڤ دەبێ بە ترسەوە
بۆ ژیان بچێ
مرۆڤ دەبێ
گەڵا گەڵا
لە دوای کزبوونی نیشتمان پێك هەڵبدا

ئاو و ئاو
بمرم یان بخەوم
ئاسمان کێشە ساردەکانی تەواو نابێ
مرۆڤ کێشە گەرمەکانی تەواو نابێ
شەیتان دەژی
بمرم یان وەکو بەیانی
رابمەوە
باران لە ژیان نابێتەوە
دڵم لە چڕنووکی دەریا

ئاو و ئاو
هەتا فڕینی بیابان
هەناسەکانی نیشتمان وەکو قژم
شانە دەکەم

هەتا کزبوونی نیشتمان
ترس لە مرۆڤ نابێتەوە
پەنجەم لە ئاو

باران وەك سوارچاکێکی ون
مرۆڤ مرۆڤ دێتە خوارێ

قسە لە باران دێ
ژیان لە رەگەوە خەو دەبیاتەوە
مرۆڤ لە رەگەوە ژیان ژیان
دابەشی تەنیایی دەکا
دنیا دەبێ بە مرۆڤەوە
بۆ ئاو بچێ

مرۆڤ مرۆڤ
ئاو لە ژیان نابێتەوە
منیش دەڵێم
تا کۆڵانە بێ باڵەکانی بیابان

تا کۆلانە چاو شینەکانی ئاسمان
قەلای باران ماڵی منە
ئاو و ئاو
ژ ـیان دەڕوا
ئاو و ئاو
رادەبمەوە
مرۆڤ لە رەگەوە هەڕەشە لە خەو دەکا
بیابان لە رەگەوە هەڕەشە لە ئاو دەکا
ئاسمان کۆتایی دیار نییە
مرۆڤ کۆتایی بە ئاو دێ
نیشتمان وەنەوز دەدا

ئاو و ئاو
قسە لە باران دێ
خەون درێژ دەبێتەوە وەکو مرۆڤ
دنیا درێژ دەبێتەوە چەشنی باران
مرۆڤ مرۆڤ
سانمە لە ژیان دەکەم
دنیا دەبێ بە ئاوەوە
بۆ ژیان بچێ

قسە لە باران نییە
ژیان زۆر ترسناکترە

ئێمە بە چاویلکەی باران سەیری بکەین
ژیان زۆر ترسناکترە
لە نائومێدی مرۆڤ بشکێ
ژیان دەبێ بە مرۆڤەوە
بۆ ئاو بچێ

قسە لە باران دەکەوێ
ژیان لەولای نیگەرانی دادەبەزێ
ژیان لەولای نائومێدی
حیکایەتێك بە پیتەکانی بیابان
هەڵدەواسێ
مرۆڤ دەڵێ
قەڵای بارانماڵی منە
باران دەڵێ
قەڵای ژیان ماڵی منە
منیش دەڵێم
مرۆڤ دەبێ بە ئاوەوە
بۆ ژیان بچێ
مرۆڤ دەبێ گەڵا گەڵا
دوای کوژانەوەی نیشتمان
پێك هەڵبدا

هەولێر نیسانی 2004

## خەون بە پیربوونی ئاوەوە دەبینم

من لە خەیاڵەوە دێم لەوێ
جگە لە تەنیایی
جگە لە باران
جگە لە خۆم
بەفر دەبارێ
ژیان بە سەر شەقامی زامدا دەڕوا
ژیان فرمێسکێکە لە دەفری هەتاو
مێژووی رۆژ دەنووسێتەوە
ژیان لە دەلاقەی ئاو ژەهر فڕ دەکا
منیش بە ژیان مەست دەبم
لەبەر باران لەتر دەدەم
بەڵام کەنارێك نادۆزمەوە

دەڕۆم
هیچ کەس دیار نییە
میز بە ژیاندا دەکەم
دەڕۆم
لە رستەیەکی ناکام شانی سەفەر دەگرم
چەندان حەز لە دڵم بە تووندی
زەرد بوون
بە تووندی
باران لە دەرگام دەدا
بەڵام هیچ کەسێ نازانێ
پەپوولەکان
شەو لە کوێ دەخەون
بە رۆژ ناز بە خەونەکانمەوە دەکەم
شەو لە پێکەنینە تەڕ دەبم
باران رێگەم دەکاتەوە
بەڵام کەس فرینم نابینێ
لە رستەیەك
ئاو لە دەرگام دەدا
من لە چەناگەی بارانەوە دێمە خوارێ
چەشنی بەفر
بێ بەزەییانە گوێچکەت دەلێسمەوە
بێ بەزەییانە
(شەو) لە پەنجەرەی دڵم

بەر لەوەی خەو بیباتەوە

نیگا بە سەفەر دەسپێرێ

هیچ کەس نازانێ

دڵم چەند تەنگە

دەمەوێ خۆم تاقی بکەمەوە

ژیان دەخەمە سەر شانم

دڵم لە پاسەپۆرت گرێ دەدەم

وەك ئاو دەكەومە ئەو دیوو سنورەکان

دەڕۆم

کتوپڕ بیرم دەکەوێتەوە

ئاو بێ ئەوەی قاچەکانی ببینین

دەڕوا

من بێ ئەوەی کەس بزانێ

دڵم تەنگە

بێ ئەوەی رستەیەك بڵێم

دەکەومە سەر تەنافی بیرکردنەوە

ئاو تەنها خەیاڵێکە لە ژێر پێستی ژیان

من دەستم بە پرچی بارانەوەیە

دەڕۆم

خەون بە پیربوونی ئاوەوە دەبینم

خەیاڵێك لەو سەری دڵتەنگییەوە دێتەوە

بارانێك لە دژی باران

من دەڵێم

پیری کاتێ هاتە ژیان

وەڵامی هەموو دەنگێ ئاو دەیدا

پیری سەرجەم شتەکان

لە تۆپەڵە بەفرێ دەخاتە رستەوە

دەمەوێ فێری ئەوە بم

دەمەوێ

لە کاتی یەکتر ناسین

باران بۆنی هەناسەی باران بکا

ئاو فەلسەفە بخاتە سەر شان

شیعر بدوێ

ئەوە ئایەت نییە

رستەیەکە لە خەونەکانم دێتەوە

رستەیەکە کتوپڕ

لە سەفەر هەڵدەوەرێ

کتوپرلەبری شیعر پارچەکانم کۆ دەکاتەوە

چونکە دەیەوێ ببێتە باران

دەڕۆم

دڵم لە ژیان دەکەمەوە

ئیتر تەواو کە ژن هاتە ژیانەوە

هەتا دەتوانی پاڵ بە مەرگەوە بنێ

کە ژن دێتە ژیانەوە

هەتا خەیاڵ پیاو دەوەرێ

کاتێك کەنارێك نادۆزمەوە

کتوپڕ بیرم دەکەوێتەوە
باران لەبەر هەتاو خۆشحاڵە
باران باران دەکا
بەڵام من دڵم تەنگە
بێ پەروا دەپرسم پەپوولەکان
کەی لەگەڵ خەو دەنیشنەوە
دووبارە پەنا بۆ ژن دەبەم
دەمەوێ فێری ئەوە بم
لەبەر باران
وێنەی باران بشۆمەوە
لەبەر باران
گوێچکەت بلێسمەوە ئەی ژن
شتەکان وەك پەپوولە تێدەپەڕن
ژیان لە ژێر پێستی باران هەڵدەنیشێ
ژیان باران دەکا
جیهان کێوێکی ئاوییە
بە قسەی هەمووان
شتێك دەجوێ
بەڵام وانییە فەلسەفە دەخوات
کاتێ ژن هاتە نێو ژیان
دەبێ پیاو لە سەر گۆنای باران بنووسێ
سەفەر
باسکی بخاتە سەر شانی ئاو

من لە خەیاڵەوە دێم لەوێ

جگە لە تەنیایی

جگە لە باران

جگە لە خۆم

جیهان ئەوەندە خۆشحاڵە

بەفر دەبارێ

مرۆڤ ئەوەندە خۆشحاڵە

لە سەر دەنگی باران دەنوێ

شەو چەند

لەوێوە دێم

بەڵام کەس  فرینم نابینێ

کتوپڕ بیرم دەکەوێتەوە

وەك ئاو دەکەومە ئەو دیوو سنورەکان

دەڕۆم

بێ پەروا دەڵێم

سێبەری ژن لە ژیان خراپتر نییە

ئەگینا لە بری ئاو غەرق دەبم

دەمرم

باران لە مرۆڤ نزیك دەبێتەوە

باران ختوکەی مرۆڤ دەدا

پیاو بە توندی شانی ژن دەگرێ

لە ترسی مەرگ

من لە گۆڕی باران خەو دەمباتەوە

ژن ئاو دەشێلی
من پەنام بۆ مەرگ برد
بەر لەوەی لەسەر دەنگی باران کز بم
دەمرم
یان لە بری ئاو دەبارم
باران لە هەر جێگەیەکەوە هەڵبکات ژن تەڕ دەبێ
دەمەوێ فێری ئەوە بم
مرۆڤ پاڵ بە ژیانەوە دەدا
چونکە رۆژێ لە رۆژان باران پارچەکان کۆ دەکاتەوەو
دەڵێ مرۆڤ پڕبوو لە ژیان
مرۆڤ دەڵێ
ژیان سێوێکە لەبەر هەتاو مایێتەوە
هەست دەکەم بۆنی ژن دێ
وەکو یەکێك ئاو بیگرێ
پیاوان هەندێکیان لاسایی درەخت دەکەنەوە
ناکرێ متمانەیان پێبکەی
ژیان هەندێجار وەك ئاو دەڕوا
ناکرێ گومان لە خواردنەوەی نەکەین
من لە خەیاڵەوە دێم لەوێ
جگە لە تەنیایی
جگە لە باران
جگە لە خۆم
جیهان ئەوەندە خۆشحاڵە

بەفر دەبارێ

مرۆڤ میز بە ژیاندا دەکا

من خۆم گرمۆڵە دەکرد تا تەنیایی لە بیر بەرمەوە

بەڵام هەست دەکەم ژیان تووشی هەڵامەت بووە

من لە سەفەرێك دەچم کە بوومەلەرزە دروستی کردبێ

ژیان لە مردوویەك زیاتر نییە

باران لە هەر جێگەیەکەوە هەڵبکات ژن تەڕ دەبێ

دەمەوێ فێری ئەوە بم

بۆچی نایەیت

باران هاتۆتە خوارەوە

ئاو لە ژنێك دەچێ کە ماڵێك بۆ تەنیایی دروست بکا

مرۆڤ پڕبووە لە گومان

هەموو ئەوانەش بە خەتی سوور دەنووسن

ژیان سێوێکە لەبەر هەتاو مابێتەوە

هەست دەکەم بۆنی ژن دێ

وەکو یەکێك ئاو بیگرێ

هەولێر

مایسی 2005

## خەونەکانی باران

ئەگەر سەفەر نەبووایە، باران کتێبێکی دیکە دەبوو
لە سەر پشتی (با) خۆی پەخش دەکرد
بە ئیحساسی بەیانی دەکرایەوە
بە دەنگی هەتاو خۆی دەنواند
کەس نەیدەتوانی بیخوێنێتەوە
کتێبێك لە نوور
لە خەندە هەڵوەریوەکانی دایکم
کتێبێك لە گەڕەکەکانی منداڵی
لە سەرچاوەکانی بەهار
لە خەونی هەڵگەڕاوەی نیگا خەواڵوەکانی ئەستێرە
وەك ئەوەی کتێب جگە لە وێڵ بوون
بە قەوارەی ئاو هەڵواسرا بێ

باخچەیەك بە قەوارەی زەردەپەڕ
هەموو کەس ناتوانێ بیخوێنێتەوە

باران وەستاوە
وەك گەڵایەك پەنجە لە سێبەر دەبزێوێ
وەك بزەیەك لە سەر لقی شەقامی چاوەڕوانیدا
کز دەسووتێ
کتێبێکی شینم خەریکە لێوە تەڕەکان حونجە دەکەم
دەڕۆم بێ ئاگا
لە شەپۆلە چاو زەردەکانی هەتاو گومڕا دەبم
تا رۆخی بەربوونەوەی شکۆفە
دەڕۆم بی پەروا لەدەنگی باران هەڵدەخلیسکێم
هەڵدەسمەوەو دەڵێم
ئەوە ژیان نییە، جەنگێکی گەرمە لەگەڵ خوناو
شەڕێکی ساردە لەگەڵ زەردەخەنەی هەتاو
ئەوە ژیان نییە
خەریکە باران خەو دەیباتەوە
خەریکە تەمەن سەرشار دەبێ لە پرس
لە سێبەری ئاوێکەوە تەماشا دەڕوا
بڕوانە کاتی خۆکوشتنی بارانە، لە دوا لاپەڕەی ئەو دەفتەرەی
بە نەشئەی مەستێکەوە دەبریسکێ
بە نیگای مەستێکەوە خۆم هەڵدەواسم
دەڕۆم تا رۆخی بەربوونەوەی هۆش

**بەسەر شەڕی دوو لیمۆی کاڵ**

**تا ئەوپەڕی شپرزەیی دەریا**

**لەویٚ ئاو لە ژنێك دەچێت کە دوودڵی گەڕانەوەیە**

**گوڵدانی هەناسەیەکی دیکەی عەشق**

**هەناسەیەکی دیکەی پاك بوونەوە**

**دەڕۆم لە قەراغ دارستانێك کە ئەفسوون لە تاریکی دەژمێریٚ**

**لە کەنار دەریایەك کە دڵۆپ دڵۆپ**

**زەردەخەنە بە رێبواران دەفرۆشیٚ**

**تا باران ببارێت**

**دەڕۆم**

**تا باران ببارێت**

**ئاو لە تەختی پاشا نایەتە خواریٚ**

**دەریا چۆلەکەیەکە لە سەفەر**

**تازە لە نائومێدی گەڕاوەتەوە**

**وەك خۆر بای باڵی بدات**

**وەك دڵێکی گوشراو**

**ترپەی دێت**

**دەنگی پڕە لە خەونی باران**

**باران بە دەنوکی شەو دەنووسیٚ**

**غەریبی چ ئەفسوونێکە سەیرکە دەریای لێدەڕژێت**

**ئەوە ئاو نییە وەستاوە**

موسافیرێکە بە فەرامۆشی پێدەکەنێ
جوتیارێکە بە ئاسمان دەڵێ:
بنمیچی باران
سێبەری رێوارێکە
لەبەر هەیوانی رێگا
قاشێك خەیاڵ دەکاتە توێشوی تەنیایی
دەستم بەر هەرچی دەکەوێت
بۆنی پڕشنگی هەتاو دێت
دەڕۆم لە کۆڵانە سەرمەستەکانی شیعر
تەڕ دەبم تەڕ
وەك ئەوەی بڵێی
ئەوە باران نییە وەستاوە
بیابانە شەپۆل شەپۆل
چاوی تەڕ کۆ دەکاتەوە
ئەوە منم
هێندە غەریبانە دەڕۆم
هەستدەکەی باران ناباری
هەستدەکەی بەسەرهاتی خۆم لە تاریکی
دەنووسمەوە

1/2/2007

## دەریا بە داڵغەی خۆ رووتکردنەوەی باران سەرخۆش دەبێ

باران
وەك رستێك مەلی کوژراو
دەکەوێتە کۆشی زەوی
گەڵاّ گەڵاّ
وەك ئەوەی لە پایز رابکات
وەك من
خزمەکانی بیر چووبێتەوە
لە سێبەری درەختی پەشیمانی
تەماشای ژیان دەکاو
هیچ ناڵێ

پیری و پیری

لەگەڵ برینی شینی دەریا

لە نێو کتێبی سووری شەراب

تەنیایی لە گۆزە دەکا

گۆزە پڕ دەبێ لە رەنگی ئاوارەیی

لە گیانکێشانی شەپۆل

لە خەیاڵی ماسی

لە یەکەم خۆ گۆڕینی ئاو

خزمەکانم هەر بۆ وەفا

روو وەردەگێڕن و دەڵێن

ئاو

لە تەماشاکردنی یەکەم گۆزە

دەیەوێت

نامەیەک بە لقی هەنگاو وەبکا

نامەیەک پڕ لە خەیاڵ

خاڵی لە وشە

وشەکان بەر لەوەی بکەونە مەنفا

زمان لە زەوی دەکرێنەوە

بە زەمەنی دەسپێرن

زەمەن ماڵی گۆزەی پێدەچنێ

گۆزە بە دەستی مەستێکەوەیە

بەرانبەر سیس بوونی دنیا پێدەکەنێ

مەستێک بە زماندا دەڕوا

بە رەنگدا دەڕوا

به رووتی دێتەوەو دەڵێ:
گۆزە بە شانی کچێکەوەیە
بێ ئەوەی بپرسێ دەڵێم:
با دوو وشە بە داڵغەی سەفەر بگۆڕینەوە
بە داڵغەی خۆ رووتکردنەوەی باران
دەیەوێت دەم بکاتەوە
دەست بۆ مەرگ درێژ دەکەم:
لە تەنیشت ئەو بازگەیەی کە من نابینێت دەڵێم:
ئەگەر ئەم جارە سنووورداش نەکرامەوە
نامەیەکت بۆ دەنووسم پڕ لە پاسەوانی نوستوو
پڕ لە تریقانەوەی هەنگاو
بە ئەندازەی نیشتمان نامۆ
بە ئەندازەی زمان ئاوارە
نامەیەکت بۆ دەنووسم وشەکانی بە پەساپۆرتی ئاو
لە سنوران دەربازتکا
تیپەکان ئەوەندە مەست بن لەگەڵ کردنەوەی
سەرخۆش بیت
ئەوەندە وەڕس بن وەك نارەزایی
بە گەورەیی لەسەر خۆیان بنووسن
خزمەکان

باران چەشنی دوو باڵی نەرم
دوو باڵی پڕ لە قاچاغ

دوو باڵی پڕ لە ماسی

هەتا دۆڕان

دەکرێتەوە

چەشنی دوو چاو

بەر لەوەی تەماشای زەوی بکەن

بەر لەوەی پیری بناسن

دەنووك لە هەتاو دەگرن

گەڵاَ گەڵاَ

بە کۆڵانی شەودا

دەڕۆم

سانمە لە زەمەن دەکەم

وەك خەون بەردەبمەوەو بەرنابمەوە

وەك ئەوەی

بە قووڵی باران

منی بیر چووبێتەوە

تەنیایم لە گۆزە دەکا

گۆزە لە ماڵی پیری دێتەوە

کتێبێکی بە دەستەوەیە پڕ لە مۆسیقا

پڕ لە ئومێدی وەریوو

کتێبێکی بە دەستەوەیە لە یەکەم لاپەڕە

خەون دەبینم

خەون دەبینم

دایکم نوستووە

لە سەر ریتمی مەرگ

خوشکم
بە خەیاڵی دادێ
لەگەڵ گسکدانی نێو ماڵ
دانە دانە تەنیایی کۆ بکاتەوە
بێ ئەوەی زار بکەمەوە
گۆرانییەك دەڵێم
هەتا دۆڕان
سنوورو سنوور بیرەوەری بە خاك وەرکا
گۆرانییەك دەڵێم
وەك ئەوەی سەیری شەڕ بکەیت
وەك قسەی جەنگاوەرێکی بریندار
لە ژێر سەرین بەجێما بێت
خەونێك دەبینم
وەك بیابان
باران ئاشتی بکاتەوە
گۆرانییەك دەڵێم بە قووڵی با
هاوسەنگی بۆ خاك بگێڕێتەوە
قسەی نێو خەیاڵ بێت وەك خۆی
بەڵام زەمەن
پێکێ لەو گۆرانیە هەڵدەداو دەڵێ:
ئەی مرۆڤ
ئەی هەمیشە وێڵ

کە خەونی ژیان با دەیبا

کە ژیان بەر لە خەوتن

مەستێك لە گۆزەی دەکا

جگە لە دەست لێکبەردان

شتێکی دیکەم پێ بڵێ

بە بێدەنگی لە دەریا بداو

نەرم نەرم بێتەوە ماڵ

شتێکم پێبڵێ ژیان خۆی بێ

باران خۆی بێ

تەنیایی خۆی بێ

ئیتر لەو ماڵەی کە بەر هەست ناکەوێت

بەر گۆزە دەکەوێ

گۆرانییەك ناڵێم

وەك دوا قسەی جەنگاوەرێکی بریندار

دەرگا لەخۆ دادەخەم

مردن دەخەمە سەر باڵی دەریا و دەڵێم:

ژیان رووتکردنەوەی هەستەکانە

ئەی ئەو کەسەی لەو خەونەدا

لە سنووری ئاو دەدەیت و

بە بێ گۆزە

بە بارانەوە خەو دەتبا

ئەی ئەو کەسەی

لە سەر سنوور

**لە بری زمان**

**ئاو دەتگرێ**

**کانوونی دووەم 2007**

## مەرگی ئاو شین دەچێتەوە

**دەفتەرێکی ئاویم هەیە**

**ئەفسانە وردیلەکانی**

لێدەچۆڕێ

***

شەو ئەوەندە مەستە

سپێدە

چەند بانگی دەکا

ناتوانێ چاو بکاتەوە

***

وەك مانگ

بۆ داکەندنی جلەکانی ژێرەوە

دەستی یارمەتیم بەر شوێنە تاریکەکان

دەکەوێ

مەست دەبم

***

نائومێدی قەفەزێکە بە ئەندازەی خەیاڵم

ڕۆشن

چۆلەکەکانی ئومێدی تیا دەچێنم

***

دووبارە وەك باران

دەچمەوە دەریا

دکتۆر دەبینم دەڵێم

دڵم ناسك بۆتەوە

پروشە دەکات

***

بەیانیان تیپێ چۆلەکە

بە سەر سینگمەوە

تار دەژەنن

منیش بە خەیاڵی ڕۆمان

شەو دەنووسمەوە

***

هەموو گفتوکۆکان بۆش بوون

وشەکان ڕۆناکی و تاریکی

ئەوەی جێما

لەنێوان شەڕو ناشتی

کەوتە دەریا

***

بە دەنگێکی شیرین

دەست بە قژی خاوت دادێنم

دڵۆپ دڵۆپ

لە دەمەتدا دەتوێمەوە

لەو ماڵەی کە دیوارەکانی لە ئاگرە

هەوڵی شاردنەوەی باران دەدەم

تا سیحری مەرگ

بە دەریا بچوێنم

***

ئەوە مەرگ نییە دڵم دەکا بە شەو

ئاشت نەبوونەوەیە لەگەڵ بێدەنگی

ئەوە سەفەر نییە نیگەرانم دەکا

نزیك نەبوونەوەیە لە باران

***

بۆ ئەوەی تاریکی ژیانم

لە تاریکی شەو جیاکەمەوە

چاو دەنوقێنم

دەنکە ڤالیۆمێك قووت دەدەم

***

لە پاڵ ئەو جەستە سپییە

گومان

بیرەوەرییەکانی بەفر هەڵدەداتەوە

لە هەموو شەوەکان

ئەستێرەیەك پێشم دەکەوێ

بەرەو نائومێدی دەمبا

***

دوودڵ نیم

زەمەن لە تەماشام دەسووڕێتەوە

کاتێ دەچمەوە رابردوو

دڵم دەڵێت

ئەوە رۆح نییە

ئایندەیە

کتێبی جەستە

بە رەنگی رووت دەنەخشێنێ

***

هاوینێك لە ماڵ

هاتمەدەر

خۆر بەو هەموو رووتیە

پڕشنگە شەهوتئامێزەکانی کردە چەترو

خەیاڵە ساردەکانی دەلێسمتەوە

***

هەموو تاریکی دنیا

بە یەك پێك رۆناکی دەگۆڕمەوە

ئەوەندە پەستم

رۆناکی هەموو دنیا

سەرخۆشم ناکا

****

وەك ماسی

لە خەیاڵی شینم دەنیشێ

نازانم چۆن پێت بڵێم

وریا بە

ئێرە دەریا نییە

دڵی منە

شەپۆلی بێزاری دەیبا

***

بێدەنگی شیعر

لە جەستەی تاریکی دەچێ

بێدەنگی تاریکی لە ڕەنگی با

با بە دەنووکی

زەمەن دەچنێ

***

دڵم بەوە خۆشە هەموو بەیانیان

شیعر دەخوێنمەوە

خێزانەکەم بە نیگەرانییەوە دەڵێت

ئێواران زوو بگەڕێوە

لە بیر نەکەی

تا ئێستا مەرگ زیندووووە

ڕەش دەچێتەوە نیشتمان

****

دوێنی تیلفۆنت کرد

ویستت بڵێیت

ناپاکی بە دڵۆپە ئاوێ لە ئاسمان

دێتەخوارەوە

بێ هۆ وەڵامم نەدایتەوە

چونکە دەزانم دڵ هەیە ناتوانێ

سەیری خۆرئاوابوون

لەخۆی بکوژێ

***

من و تۆ هەژدە ساڵە

بەیەکەوە دەژین

من چاو شین و  تۆ قژ شیعری
من ئێوارەیەکی درەنگ و
تۆ سپێدەیەکی ونبوو

حوزێرانی 2007

## گەڵا تینووەکانی باران

ڕووناکیەکی تینوو بێ ئەوەی بوەرێ
بەر عەتری باران دەکەوێ
ئاو وەك نیگایەکی هەڕەشەلێکراو
شین دەبێتەوە
لەبەرانبەر جانتایەکی پڕ یادەوەری
ئێمەش بە نیازی یەکتر لەئامێز گرتن
لەپاڵ سێبەری زەردی بیابان
دڵمان لە دڵۆپێك ڕاست دەکەینەوە
ڕاست ڕاست
وەك باران لە دەریا پەشیمان بێتەوە

لە کتێبی خۆکوشتندا
چوار کۆتری شین لەسەر نیگا
وەکو گەڵا
نائومێدی لەبەر دەکەن
چەشنی باران
پەشیمانی دادەکەنن
من و تۆش لەنێوان شین و پەشیمانی
دەست لە خەیاڵێکی قووڵ دەشۆین
بەرەو نادیار

لەوێ جانتایەکی پڕ یادەوەری
بەشانی بارانەوە دەکەین
دڵمان کوت کوت دەگۆڕینەوە
پێش ئەوەی بەریەك بکەوین
وەك نیگایەکی هەڕەشەلێکراو
نغرۆی شین دەبین
جانتاکە دادەگرین
لەبەر باران گەڵا گەڵا
بەر لەوەی بە بیابانی خەیاڵدا بڕۆین
پەشیمانی دەمانگرێ
لەبەر باران
لەدڵی خۆمان دەڵێین
سەفەر چەند لە گومان نزیکمان دەکاتەوە
لەدڵی خۆمان دەڵێین
تێکەڵبوونمان زەمەنێکە لە چوار کۆتری شین
بەجێما
چوار کۆتری شین
وەکو ئەوەی لە شۆڕشێکی لەناکاو
هەڵبفڕن

دەست لە خەیاڵێکی قووڵ دەشۆین
جانتاکەمان دەکەینەوە شان
لەبری با

دڵمان بە بیابان راست دەکەینەوە
چەشنی شەو
دنیا دەخەینە دەرەوەی خۆمان
دوور دەچینەوە لەباران

بڵێ ژیان بیابانێکە
ئەگەر خەیاڵ نەبێت نیگا نیگا هەڵدەوەرێت
نیگا هەڕەشەلێکراوەکە ئاشنایی دەنوێنێ
وەك بڵێ سەعاتی دەستم هەلە ناکا
منیش دەڵێم سەیری گەڵای باران بکە
تەنیایی دڵۆپە ئاوێ
خۆت بە باخێك بچوێنە کە والأیە وەك بەیانی

نیگا هەڕەشەلێکراوەکە کۆڵان کۆڵان
وەك شەو لە ئاو دەرکا
بەیانی کۆدەکاتەوە
گولەکانی شەو لە ئامێز دەگرێ
ئێمەش پێش ئەوەی بەر گەڵای باران بکەوین
لە جەستەیەکی نادیار
شین دەبینەوە
شین شین
بەسەر جانتایەکی پڕ یادەوەری
لەبری ئاو

**پەشیمانی دەمانگرێ**

**شین شین**

**پەشیمان دەبینەوە**

**لە گەڵای تینووی**

**باران**

9/9/2008

## نیگارە رووتەکانی ئاو

(1)

باران بەمەستی لە پاڵ بزەیەك کە گەلاَکانی
ئەوەندە سەوزن وەك ئەوەی مەرگ بەدرۆ بخەنەوە
شین شین
دێتەخوارێ
بە ترپەیەك کە دەڵێی خەونە
نهێنی دەریا
بە با دەدا
تەم وەك کەلەشێرێکی بەزیوو
بەر لەوەی وێنەیەك لەگەڵ خۆر بگرێ
دەڵێ
ئەوەندەی بزانم
باران بۆ تێگەیشتن نا
تەنها بۆ هەستکردن
وێنەکان بە با وەدەکا
بەلاَم خاك بۆ تێگەیشتن
رەنگ رەنگ دەبێ و
دێتە ژێر ئەو خۆرەی کە چرۆکانی
زەرد زەرد
وەك ئەوەی پێبکەنن

لەبن گوێ بە دەریا دەڵێن
ئەو هەموو ئەستێرە شکاوانە
لە کوێ جێگا دەکەیتەوە
دەریا بە سیحرێ دەڵێ
چونکە با بەبێ ورتە هیچ نە ژیانە
بۆ ژیان پشیلەیەك لە پاڵ سێبەری ئاو
ئەستێرەکان دەخەوێنێ
پاشان وەك پاسەوانی خەیاڵ
خۆی دەلێسێتەوە
تەم وەك قژی با دابهێنێ
بە تاریکیدا دەڕوا
بێ دڵ دەگەڕێتەوەو دەڵێ
چونکە با بەبێ ورتە هیچ نە ژیانە
پیاو بەرانبەر ئەو پشیلەیە لە دەرکەوتنی لەناکاوی ژنێك
بەر لەوەی خۆی رووت کاتەوە
تووشی خەیاڵشکان دەبێ
بە با دەڵێ
لە بێ باکی ئەو چۆلەکەیە رامێنە کە دەم
دەخاتە دەمی نیگارە رووتەکانی باران
پیاو بەرانبەر دەرکەوتنی لەناکاوی ژنێ
بەر لەوەی خۆی رووت کاتەوە
ژیان تەڕ دەکا
ژن بەرانبەر دەرکەوتنی لەناکاوی پیاوێ

دەریا دەییا
با لە قسە ناکەوێ
رووت رووت لە ژیان دەڕژێ
لە پشت گەڵاکان
خاك لە باران دەپارێتەوە
لە تەك ئەو وێنەیەی نایەوێ کەس گوێی بۆ بگرێ
هەتاو لە دەریا دەپارێتەوە
مرۆڤ هێندە بەدمەست نەبێ
بەڵام خاك نوقمی دەنگێکە
بزەیەك
نقومی هەتاو

(2)

ئاو بە مەستی لەپاڵ پرشنگێ
کە زەنگییانەی چاوەکانی
روو روون
تاریکی دەخەنە بێدارییەوە
مرۆڤ بە ئومێدەوە دەکا
هەور بە خەمێکی تۆخەوە
حیکایەتی خۆی بە زەوی ساغ دەکاتەوە
بەڵام بۆ تێگەیشتن لە ئاسمان نا
بەڵکو تەنها بۆ بەبیرهێنانەوە
دوور دوور
چاو دەبڕێتە ئەو خاکەی

شەهیدەکانی وەك با

خەبات دەخەنە رستەیەکی پایزییەوە

بە سیحرێ کە خشەی دێ

لە نائومێدی

لەپاڵ سێبەری ئاو شین دەچنەوە

شین شین

حیکایەتە شینەکان بە پێکەنینی دەریا

دەنەخشێنن

هەور وەك ئەوەی سەمای بەفر نیشان بدا

بەسەر ژیاندا دێ

لەگەڵ ژنێك لە دەرکەوتنی خەمبارانەی

شەهید دەشکێ

باران لە وڵاتێك کە گیرفانەکانی پڕ کردووە

لە هیچ نەگووتن

کە چۆلەکەکانی لە دەرکەوتنی

لەناکاوی پشیلە

تووشی خەیاڵ شکان دەبن

رووت رووت

لە ژیان دەخزێ

زەوی لە هەور دەپارێتەوە مرۆڤ ئەوەندە

تەڕ نەکا

لە هەتاو دەپارێتەوە رێگا لە دەرکەوتنی

مرۆڤ نەگرێ

بەڵام ئافرەت دەریایەکە

پڕ تاریکی

تاریکی بە پەنجەی باران

نیگاری پشیلە دەکێشێ

چۆلەکەیەك

لەبری شەهید

(3)

بەفر بە مەستی خەون بە (با)ەوە دەبینێ

چەشنی سەما دەکەوێتە جەنگی پیری

بەڵام بۆ تێگەیشتن لە خاك نا

بۆ تەرجەمەکردنی باران

دەبێ بە نۆتەیەکی سپی

بە گوێی گەڵا

لەو دیو سێبەری ئاوەوە

هەندێجار راوچی ساتە لەبن نەهاتووەکانە

مرۆڤ مرۆڤ

ژیان بە (با)وە هەڵدەکا

بەفر چین چین

دژی چینێك لە مانا دێ

لە کۆڵانی بەختەوەری دەچێتەوە ماڵی خەیاڵ

پشیلەیەك بە بریسکەی چاوەکانی پێدەکەنێ

بە جریوە بە دڵ دەڵێ

چونکە پیاو بەبێ ئافرەت هیچ نەژیانە

چۆلەکەیەك لەنیگای دەست

لە دڵەوە شتێ دەڵێ لەبری ئاو

بەفر سپی سپی دەکەوێتە جەنگی سەما

بە با دەڵێ

چۆن ئەو هەموو تەنیاییە بە چاودا

دێتەوە ژیان

پیاو بە مەستی خەون بە باوە دەبینێ

ژن لەگەڵ بەفر دێتەوە

جەنگی سەما

پیاو تەڕ تەڕ

با بە رستەی ئافرەت وشك دەکاتەوە

(4)

دەریا بە مەستی لە تەنیشت بیابان

خەو بە رستەوە دەکا

بەڵام بۆ تێگەیشتن لە شەو نا

بۆ بەسەرکردنەوەی گەڵا شەهیدەکانی با

ئاو بەرلەوەی نامەیەك بۆ خۆر بنێرێ

بە با دەڵێ

ئافرەت بەبێ شەو هیچ نەژیانە

بۆ ژیان چۆلەکەیەك لەسەر لقی باران

پڕ بە روناکی دەڵێ

چونکە ئافرەت بەبێ شەو هیچ نەژیانە

تاریکی لە پشیلە چاو زەردەکانی خۆر دەپارێتەوە

پیاوان هێندە شەومەست نەبن

بەڵام ژنان وەك خۆر مەست

بە تاریکی

تەڕ وەك دەریا

شەپۆل دەدەن

کانوونی دووەمی 2009

## میوانی ئاو

میوانێ بە قرچەی خەیاڵ
لە ئاو دێتەوە
لە ترسی باران
دڵۆپ دڵۆپ
بۆشاییەکانی تەمەن بە با وەدەکا
با لەنێوان دوو بارینداا
خەمی سەفەر دەڵێتەوە
وەکو حەیران
بە دڵدا دێ
بە چاودا دێ
بەنێو دۆڵێکی پڕ ئاوێنە
بەر لەوەی بڵێم تەمەن چەند فرسەخی ماوە
ژیان دەشێوێنێ
ئاسمان دەشێوێنێ
میوانێ لە گەرمەی سەفەر
لە باران دەخزێ
لە دڵ دەخزێ

لە چاو دەخزێ
لە ئاو درێژ دەبێتەوە تا خاڵی
جیاکردنەوەی چاو لە گۆزەی سەر شانی یار
تا سەرەتای هەستکردنی دڵ بە مەستی
بزەیەك لە میوان هەڵدەسێ
زەرد وەك پایز
تەمەن دەکاتە سێبەر و
شەپۆل شەپۆل لە ئێوارەی سەوزی چیا
بەر لەوەی خۆری بەرکەوێ
بەر لەوەی کراسی باران دابکەنێ
یادگارییەکان بە بیرچوونەوە دەسپێرێ
لە ئێوارەی زەردی چیا
بەر لەوەی ژیان بشێوێ
بەر لەوەی دڵ لەبەرد بدا
پەپوولەکان بەردەبنەوە بەرپێی شەپۆل
وەك رستەیەکی نەگووتراو
بزە خۆی پێدەگرێتەوە
بەر لەوەی وشە بشلەقێ
نیگا خۆی پێدەکاتەوە

میوانێ
لەپڕ تەمەن دەبیا
لە چاو دەوەرێ

لە دڵ دەکوژێتەوە

لە دەرگای هیچ

لە پەپوولە هەڵدەخلیسکێ

خۆی بە دەریا دەگرێتەوە

میوانێ لە ترسی ئاو هیچ ناڵێ

لە دەرگای هیچ

باران باران

وەك تریاك نازی دەکێشێ

هەولێر 15/8/2009

## كۆڵانەكانی پیری

## "ثیری دةريا"

لەبەر ئاوێنەی پیری دەریا
باران پرچی کردەوە
ئاو بە لەنجەیەك کە دڵ دەبا
کە چاو مەست دەکا
کۆڵان کۆڵان
دەستی ماسییەکان دەگرێ
لەژێر تاشە بەردێکدا ماچ بە ماچەوە دەکەن
ژیان بە ژیان
زەوی دەخەنە سەمایەکی شین
ئاسمان دەخەنە سەمایەکی شین
کۆڵان کۆڵان
سەیری ماسییەکان بکەو
دەریا بگۆڕەوە بە با

# "ثیری با"

لەبەر ئاوێنەی پیری با

بەر لەوەی دنیا  بخەیتە دەرەوەی خۆت

بەر لەوەی تەوقە لەگەڵ شەو بکەیت

بە سپێدەی خەیاڵدا بڕۆ

بزەیەك هەڵدە بە تامی سەفەر

گوڵەکانی ئاو لە ئامێز گرە

کۆڵان کۆڵان

سەیری باران کەو

ئەو ساتانە یادکەوە کە "با" و "با" جێما

ئەو ساتانەی شەپۆل شەپۆل سەرما دەیبردی

ئەو ساتانە بەکراسێکی سپی

شەڕت بە هەتاو دەفرۆشت

وەك ئەوەی دڵت لە دڵۆپێك راست بکەیتەوە

کۆڵان کۆڵان

سەیری "با" بکە و

بڵێ ژیان پێشبڕکێیەکە کات دەیچنێ

یان بەیەکجاری بڵێ

ئەگەر خەیاڵ نەبێت

هەڵدەوەرێ مرۆڤ

سەیری ئاوێنەکانی ژیان بکەو

تەنیایی دڵۆپە ئاوێ

کە حەزی کەوتن لە ئاسمان شۆڕ دەکاتەوە

که پەیامی زەوی بە با دەکا

بە باخێك بچوێنە کە پڕە لە سپێدە

بە دڵێك کە پڕە لە خەون

کۆڵان کۆڵان

تەنیایی دڵۆپە ئاوێ

لە خەمی بەفر راستکەوە

## "ثیری بةفر"

لەبەر ئاوێنەی پیری بەفر

سپی سپی بیرم دەکردەوە

وەك ئەوەی تەمەنم درێژکرنەوەی سپێدە بێ

وەك ئەوەی بەفر بە دزییەوە

لاسایی تەنیایم بکاتەوە

لە تریقەی پێکەنیم دا

لە دڵی خۆم گووتم ئەمڕۆ زۆر نووستم

شەو پێنازانێ

لە دڵی خۆم گووتم

وەك بەفر لە شەو راست دەبمەوە

کۆڵان کۆڵان

خۆم بە با وەدەکەم

خۆم بە ژیان وەدەکەم

دەچمەوە بەردەم ئاوێنەکانی دەریا

باران لە ئاو درێژ دەکەمەوە

تا قڵپەی پێکەنین

هەولێر تشرینی یەکەمی 2009

## مانگ دەبارێ

شەو سێبەرێکی تەڕە
مانگ دەیچنێ
سپێدە وشکی دەکاتەوە
++
مانگ بە دەنووك
شەو دەنووسێتەوە
بە خەیاڵ دوارۆژ
++
خەیاڵی شەو رەشدەچێتەوە

وەك ئەوەی لە پرسەی خۆر

بیرکردنەوەی جێ هێشتبێ

++

بەبیرکردنەوە

بە شەودا دەڕۆم

بەجەستە

سەما لەگەڵ "با" دەکەم

ئەوە من نیم

بێدەنگی هەتاوە

کاتێ قسە لەگەڵ ئەو دەکا

++

مانگ چرای شەو

بە ماچی رۆژ هەڵدەکا

++

مانگ رووتی لەئاو جێ هێشت

دەنگی لە هەتاو

ئەوەی بە نەبینراوی دەشکێ

ئەدرێسی شەوە

بە پێوانەی بەفر

++

چۆلەکەیەك لەبەر مانگە شەو نووستووە

خەیاڵی هەتاو دەکا

++

بەنیگای شەو

حیکایەتی زەوی

بەخۆر وەدەکەم

++

دنیا بەقسەی "با" دێتە سەما

بەپڕشنگی خۆر بیردەکاتەوە

لە رووتی مانگ جێ دەمێنێ

++

پرسیاری ژیان هەمیشە لە بارانەوەیە

وەڵامەکان لە خۆرئاوابوون

++

لەنێوان بوون و نەبوون

"با" بەخەیاڵی باران دەجولێ

لەنێوان شەو و رۆژ

باران بە "با" سەوز دەبێ

++

ئەوە باران نییە

ئاسمان، زەوی پێ دەشوا

حەزی مانگە

لە کتێبی شەو نووسراوە

++

هەتا شەو بمێنێ

مانگ لە پەڕی ئاسمانە

هەتا خۆر هەڵدێ

مرۆڤ لەباران دێتەوە

++

ئەوەندەی بزانم

باران و با

لە پرسیار و وەڵام دەکەن

شەو و رۆژیان

تێدەپەڕێ

تشرینی دووەم 2009

## لەبەر باران

چەشنی نیگای گەمارۆدراو
چەشنی رامان لە بۆشایی
بەچاوی ئاو دێمە خوارێ
چەشنی با
بەهەڵە
بێ کۆتایی
شین دەچمەوە

لەنێوانی باو با
دەمەوێ مرۆڤ لەبەر باران لێکدەمەوە
وەك ئەوەی باڵندەیەك بم

بیَ خەیالٚ بە بادا بڕۆم و
بلّیَم
باران ئاسمان جیّدەهیَلّیَ
ئیّمە شویّن گەمارۆی داوین
ئەوە سەرەتای تاریکی و فڕین نییە
لە سیّوەکەی ئادەمەوە
ژیان بە زەویدا دەڕوا
دەریا بەزەویدا دەڕوا
مرۆڤ لەگەلٚ باران
بیر لە ئاسمان دەکاتەوە
لەگەلٚ با
بەرەو نیشتمان هەلّدەکا

بیَ خەیالٚ بە بادا دەڕۆین
بالّندە
لە نیشتمان کۆدەکەینەوە
دەست لە بۆشایی رادەگرین
بەر لەوەی بلّیّین
مرۆڤ
بوونەوەریّکە بۆ مردن
با
بۆ جولە
نیشتمان

بۆ هیچ نەگووتن

ئاو و ئاو
با ئازارەکانی مرۆڤ جێدەهێڵێ
مرۆڤ نیشتمان
باران
جگە لە تەنیایی
ئاوازێکی شین دەنووسێتەوە
بەر لەوەی بڵێین مرۆڤ هەبێ یان نەبێ
ئاو بە با دەڵێ
نیشتمان هەبێ یان نەبێ
باران بەلێوی با
جوله ناکا

با لە شکۆفەی لێوی باران
سەفەر دەکا
کاتێك دێتەوە ماڵ
دەبینێ باران بە گۆچانێکەوە
ورد ورد
خۆکوژی لێدەخورێ بەرەو نادیار
دەبینێ سەفەری با
لەپشت زەردەپەڕ جێماوە

هەناسەی باران

لە بیابان دێتەوە
بەڵام نە سەوزایی دیارە نەلێو

با بەلێوی با
دەریا رەنگ دەکا
بە پێنووسێك لە تیشك
بیابان
من لەشکری ژیان دەخەمەوە نێو بۆشایی
بەرلەوەی کچەکەم گاز لە سێوی "سیزان" بگرێ
فڕین بە شەپۆل ورد دەکەمەوە
دڵم لەبەر باران

بێ خەیاڵ بە بادا دەڕۆین
لەبەر تاریکی
ئەستێرەکان
ئاسمان بە نیگا رادەگرن
با هەموو زەوی بە جولە
من لەنێوان ئەستێرەو با
دڵم دەخەمە خەیاڵی
بەربوونەوە

هەموو ئەوەی لەبارەی بارانەوە با پەنای داوە
دووبارە بۆخۆم دەگێڕمەوە
بە قووڵی دەڵێم ژیان

چۆلەکەیەکە هەمیشە بەخەیاڵ
قەفەز دەچنێ
چۆلەکەیەکە لەبەر باران
دڵ دەکاتەوە
لەبەر باران
مرۆڤ هەموو شتێکی دەوێ
بەڵام خاوەنی هیچ نییە
چونکە دنیا وێنەیەکی خێرایە
لەبەر باران
بە کەس ناگیرێ

دووبارە بە قووڵی دەڵێم
هەموو ئەوانەی لەبارەی مرۆڤەوە دەگووترێ
وەك نیشتمانێکی نادیار
گەڵا و گەڵا
لەزستانی تەمەن
با دەیبا

باران باران
وەك سێوەکەی "نیوتن"
بەر خاك دەکەوێ
مرۆڤ سێو کۆ دەکاتەوە
لەبەر باران

**مرۆڤ سێو کۆ دەکاتەوە**

**لەبەر بۆشایی**

**هەولێر** 8/1/2010

**شاعیر لە چەند دێڕێکدا:**



عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا، لە 7/11/1962 ەڵکی گەر
(جمهوری) شاری هەولێر لەدایك بووە، لە تەمەنی دووساڵیدا بۆ چەند مانگێك ماڵیان چۆتە حەساری (عزالدین ئاغا) کە دەکەوێتە نزیك باخچەی گڵکەند پاشان هەر لە نزیك حەسار چوونەتە خانوویەك کە پشتی بەو قەبرستانەوەیە کە دەکەوێتە بەرانبەر ئاشی (ئەحمەد جەلەبی)یەوەیە، ئینجا لە تەمەنی شەش ساڵیدا ماڵەکەیان بۆ گەرەکی (کوران) گواستۆتەوە، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا چۆتە قوتابخانەی (بابەتاهیری هەمەدانی) کە دەکەوتە گەرەکی (ئازادی)یەوە قوناغی سەرەتایی لەو قوتابخانە تەواو کردووە، هەر لەوێشەوە لەسەر دەستی مامۆستای ئینگلیزی (عەزیز بەرخۆ) دەست بەکاری وێنەکێشان دەکات لە پێشانگەی ساڵانەی قوتابخانەکان وەك وێنەکێشێکی دیار دەردەکەوێت.

قوناغی ناوەندی لە قوتابخانەی (زانیاری) تەواو کردووەو لە لایەن مامۆستا (مەحمەد خەتاب)ی هونەرمەند کاری وێنەکێشان درێژە پێدەدات لە پێشەنگای قوتابخانەکان بەشداری دەنوێنێت، هەر ئەو کاتیش خولیای خوێندنەوە دەبێت و لە بڵاوکراوەکانی سەر دیواری قوتابخانە رۆڵی چالاکانە دەگێرێت وەك چۆن لە ئاهەنگەکانی قوتابخانەدا بە خوێندنەوەی شیعری حەماسی دێتە سەر شانۆ. دواجار پەیمانگەی تەکنیکی بەشی

تەندرووستی هەر لە شاری هەولێر لە ساڵی 1986/1987 تەواو دەکات،لە پەیمانگەدا زۆرترین کاتی خۆی بە خوێندنەوەی ئەدەبی بەسەر دەبات وەك چۆن لە کۆڕو کۆبوونەوە ئەدەبییەکانی شاری هەولێر بەشدار دەبێت، دوای تەواوبوونی پەیمانگە بڕوانامەی دبلۆم لە بەشی پزیشکی بەدەست دێنێت وەك موقیم بۆ ماوەی ساڵێك دادەمەزرێت، دوای ئەو ساڵە کە ناوی سەربازی دێت لە گەرمەی جەنگی عیراق و ئێران لەگەڵ چەندان هاوڕێی خۆی لەوانەش هونەرمەند (سەردار سنجاوی) ناچێتە سەربازی بۆ ماوەی هەشت مانگ بە دواکەوتی سەربازی ژیانێکی پڕ لەخوێندنەوە لەلایەك و سەخت لەرووی ئەمنییەوە لەلایەکی دیکە بەسەر دەبات، دواتر لە کاتی دەرچوونی بڕیاری لێبووردنی (936/937) کە حکومەتی بەعس بۆ پێشمەرگە و دواکەوتووی سەربازی و هەڵاتووەکان دەریدەکات هەر لەگەڵ هونەرمەند (سەردار سنجاوی) خۆی تەسلیم بە (فرقەی فارووق) دەکات و بۆ ماوەی چوار مانگ ژیانی سەربازی لە کەرکووك و بەغداد و زاخۆ بەسەر دەبات، لەدوای هەڵگیرسانی شەڕی کوێت لە لایەن (سەدام حوسێن) هەر لە زاخۆ لە سەربازی رادەکات ئینجا لە ماوەیەکی کورتدا راپەڕینە مەزنەکەی گەلی کوردستان دەستپێدەکات ژیانی لە هەولێر درێژە پێدەدات.

**بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر**

1- **سێبەری ئاو- کۆمەڵە شیعر، هەولێر/** 1995 .

2- **بازەمەنێك لە تەماشاکردنی ئاو بەرۆژووبین -قەسیدە، هەولێر/** 1996 .

3- **ئاگایی زمان زمانی ئاگایی-لێکۆڵینەوە- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چـاپ و پەخشـی سەردەم، سلێمانی/**1999 .

4- **تەـــنیا مەـــرگ -دەقێ شانۆیی وەرگێردراو لە عەرەبییەوە- لە بڵاوکراوەکانی بنکـەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ/**1999 .

5- **تەنیا ئاو تەنیا باران-کۆمەڵە شیعر، لە عەرەبییەوە- لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبـی و رووناکبیریی گەلاوێژ/**2001 .

6 .-**پـــــــەیبردن بـــــــە ژیـــــــان , پـــــــەیبردن بەشـــــیعر بـــثـــــووق- لێکۆڵینەوە- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/**2001 .

7-- **شیعریەتی دەق-ئەدۆنیس-وەرگێرانـــی لـــە عەرەبییـــەوە، لـــە بڵاوکراوەکـــانی بنکـــەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ، سلێمانی/**2002

8- **مرۆڤ لە روانگەی فرۆید-وەرگێرانی لەعەرەبییەوە- دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/**2002 .

-0 **، لێنەوەبڵاوکراوەکـانی دەزگـای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، سلێمانی/**2004 .

10- **شوێنکاتی یەکەم لە دووەم و ئێستای سـەرگورە، لێکۆڵینـەوە- لـە بڵاوکراوەکـانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریو ئەدەبی نما، هەولێر/**2004 .

11- **ئەدۆنیـس- دوو گفتوگـۆی فیکریو ئەدەبییـە- وەرگێرانـی لـە عەرەبییـەوە- لـە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریو ئەدەبی نما، هەولێر/**2005 .

-12 ثـــــــــــــــــزۆ

**خوێندنـەوە-نومایشـکردنی فیکـری سـەردەم لـە چـەند پـەراوێزێ-لێکۆڵینـەوە- لـە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریو ئەدەبی نما، هەولێر/**2005 .

-13-**دریـد-رەخنـە لـە سـێنترالیزمی خـۆرئاوایی-وەرگێرانـی لـە عەرەبییـەوە- لـە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/**2005 .

14- **نووسین خۆکوژییەکی تەواو نەکراو،**

کۆمەڵێك وتارو گفتوگۆی ئەدەبیو فیکرییە- وەرگێرانی لە عەرەبییەوە- لە بڵاوکراوەکـــانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریو ئەدەبی نما، هەولێر/2006

15-ئەدۆنیس.. ئەفسوونکاری وشەکان، کۆمەڵێك گفتوگۆی ئەدەبیو فیکرییە-وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێران، هەولێر/2008 .

16- زمان/گێرانەوە، کۆدی دافنشی، لێکۆڵینەوە، کتێبی گیرفان ژمـارە 41، وەزارەتـــی رۆشنبیریی و لاوان، بەرێوەبرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هـەولێر، چـاپخانەی رۆشـنبیریی، 2010. هەولێر.

17-شـەڕی زمـان، لـەپێناو تـەئویلکردنی دەق، لێکۆڵینـەوە، بەرێوەبەرایـەتی چـاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، 2010،